حکومەتی هەرێمی کوردستانی – عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی هەڵبجە – کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان
بەشی جوگرافیا – قۆناغی سێیەم

# بەشێك لە شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر

ئامادەکردنی :

شاگوڵ خلیل

بەسەرپەرشتی :

م. ڕێباز لوقمان

2021 - 2022


پایتەختی هەرێمی کوردستانی عێراقە , بە یەکێک لە
شارە هەرە کۆنەکانی کوردستان و ناوچەکە دادەنرێت.
لە رووی جوگرافیەوە بە دووری ٣٥٠کم دەکەوێتە
باکووری بەغدا

# فرۆکەخانەی نێودەولەتی هەولێر :

بە دووری 5کم دەکەوێتە باکوری رۆژئاوای شاری

هەولێر. لەدوای رووخانی رژێمی پێشوو ، حکومەتی

هەرێمی کوردستان بڕیاری دروستکردنی دا، پێشتر

شوێنەکە بنکە سەربازی کۆنی هەولێر بوو، ئێستا

کراوەتە فرۆکەخانەیەکی مۆدێرنی شارستانی کە وەکو

دەروازەیەکی گەورە بەرەو جیهان کارەکات و رۆژانە

پێشوازی لە هەزاران میوان و گەشتیار دەکات.



ئەم فرۆکەخانەیە بە شێوەیەک دروست کراوە کە ساڵانە توانای وەرگرتنی ( 3 ) سێ ملیۆن گەشتیاری هەیە و لە 16 دەروازەو 6 پردی جێگیری ئاسمانی لەخۆدەگرێت . هەروەها تێرمیناڵی کارگۆزاری نوێ بە شێوەیەک دروستکراوە ساڵانە توانای 280 دوسەدو هەشتا هەزار تۆنی هەیە ، جگە لە تێرمیناڵی سەرەکی، تێرمیناڵ و هۆلی پێشوازی مۆدێرن و خزمەتگوزاری VIP هەیە.


ئەم فرۆکەخانەیە یەکێکە لە درێژترین رێرەوەکانی نیشتنەوەی فرۆکە لە جیهاندا کە 4 هەزار و 80 مەترەو یەکێکە لە درێژترین پێنج رێرەوی نیشتنەوەی فرۆکە لەسەر ئاستی جیهاندا


Lufthansa

# قەڵای هەولێر :

ئەم قەڵایە دێرینترین قەڵایە لە جیهاندا ، دەکەوێتە ناو جەرگەی شاری هەولێر ئەم قەڵایە (25 ) م بەرزە لە رووی زەوی ، وە بەرزی قەڵا لە سەر ئاستی رووی دەریا ( 431 )م رووبەرەکەی (110,000)م2 مێژووی بیناسازی کردنی دەگەرێتەوە بۆ (6000) ساڵ پ.ز ، وە خانووەکانی قەڵای هەولێر لە (506) خانوو پێک هاتووە قەڵا لـــە سێ گەرەک پێکهاتووە (سەرای – توپخانە – تەکیە ) خانووی چینی دەوڵەمەندەکان لە گەرەکی سەرای قەڵاتە بەهۆی بەکارهێنانی بنیات وبناغەی توندو بەهێز ، بەرگەی هۆکاری رۆژگاری گرتووە بۆ ماوەیەکی درێژ. وە نەخش و نیگاری زۆریان تێدا بەکارهێناوە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی سەرنجی گەشتیاران بۆ خۆیان رابکێشێت .





## مزگەوتی قەڵای هەولێر :

مزگەوتی قەڵای هەولێر یەکەم مزگەوتە لە قەڵای هەولێر دەکەوێتە ناوەڕاستی قەڵا ( یاقوت حەمەوی ) لە کتێبی ( معجم البلدان ) باسی ئەم مزگەوتەی کردووە لە ساڵی ( 1220 ز ) ،هەروەها ( إبن مستوفی ) لە نووسینەکانیدا ( تاریخ أربل ) ناوی نا ( مزگەوتی قەڵا ) , ئەم مزگەوتە چەندین جار نۆژەن کراوەتەوە وەکو ساڵی ( 1719 – 1720 ز ) کە ئەم مێژووە لەسەر مینبەرەکە نووسراوە.



# قەڵای خانزاد (بانەمان) :

دەکەوێتە سەر رێگای (هەولێر _ شە قڵاوە) ،
بەرزیەکەی دەگاتە ( 40 ) م لە رووی زەوی (22)
کم لە شاری هەولێر دوورە مێژووەکەی دەگەرێتەوە
بۆ سەردەمی میرنشینی سۆران بەتایبەتی لە ماوەی
دەسەڵاتی میرسلێمان بەگ و شازادە خانزاد
دروستکراوە ، تاوەکو ئێستا رووە مێژووەکەی خۆی
لە دەست نەداوە توانراوە پارێزگاری لێ بکرێت ،
ئەم قەڵایە لە بەرد و قسل دروستکراوە .





# مۆزەخانەی شارستانی هەولێر:

دەکەوێتە نزیک سەنتەری شار بەرامبەر سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر ، مۆزەخانەی هەولێر بۆ پیشاندانی پارچە شوێنەواریەکان لە سێ هۆل پێک هاتووە کە لە هەر هۆلێک چەندین سەردەمی جیاوازی لە خۆگرتووە ، هەروەها جێگای ئاماژە پێ کردنە کە هۆلەکان بە پێ کۆنترین سەردەمی شوێنەواری تا نوێترین سەردەمی شوێنەواری رێک خراون ، مێژووی هەندێک لەم ئاسەوارانە بۆ زیاتر لە (5000) هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە کە شارستانیەتی کۆنی کوردستان و عیڕاق دەردەخات . هەر لەم مۆزەخانەیە کتێبخانەیەک هەیە کە بە یەکێک لە کتێبخانە مێژووییەکان دادەنرێت ، ئەمەش بەهۆی بوونی چەندین سەرچاوەی مێژووی گرنگ









# ئەنتیکەخانەی قەڵا :

دەکەوێتە ناو قەڵات، لەنێو ئەم مۆزەخانەیەدا بەشێکی
زۆری کاری دەستی تێدایە کەنزیکەی (40) پارچە دەبێت
لە هونەرکاری چنینی هۆزە نیشتەجێ و رەوەندەکانی
ناوچەی پارێزگای هەولێر پارێزراوە . کە زۆربەی ئەم
کەل و پەلانە رایەخ و کاڵا و پۆشاکن کەرەستە
خاوەکەشی لەخووری و مووی مەڕو و ماڵاتی دروست
کراون و بەڕەنگی گیاو گوڵ و رووەک رەنگ کراون ،
کە هەندێک لەم پارچانە مێژووی سەدان ساڵی هەیە

## شەقلاوە :

شارۆچکەی شەقڵاوە بە دووری ( 45 ) کم دەکەوێتە باکوری رۆژهەڵاتی شاری هەولێر، لە نێوان چیای سەفین و چیا سۆرک هەڵکەوتووە، بە هۆی سروشتی جوانی بە بووکی کوردستان ناسراوە، هاوینەهەوارێکی سەرنجراکێش و ئاو و هەوا سازگارە، دیمەنی شەقڵاوە بە دارودرختی زۆر داپۆشراوە و کانی و ئاوی زۆرە، دەیان میوانخانە و چێشتخانە و گوندی گەشتیاری و گازینۆ و شوێنی گەشتیاری لێیە، چەندان کەلوپەل و خواردنی دەستکردی کوردەواری لە بازاری شەقڵاوە هەیە، باخەکانی شەقڵاوە چەندان جۆر میوەی هەیە، بۆیە گەشتیاران لە سەرانسەری عێراق و وڵاتانی دەرەوە رووی تێدەکەن.



## دۆڵی سەکران :

لە بناری باکوری زنجیرە چیای سەکران هەڵکەوتووە، دۆلێکە بە داری سروشتی و دەستکرد داپۆشراوە، رووباریچکی بچوک لە ژێردارەکان دەروات و بۆتە جێگای کات بەسەربردن و پشودانی گەشتیاران، لەسەرەوەی دۆلەکەش گوندی سەکران بە دیمەنێکی جوان و کولتووری دەبینرێت، چەند کەپر و خزمەتگوزاری سەرەتای دروستکراون، بەڵام فێنکی ئاوهەوا و سروشتی جوان و هاژەی ئاو گەشتێکی خۆش بە گەشتیار دەبەخشێت



